سەرۆک وەزیران پێشوازی لە پارێزگاری دیوانیە و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی کرد لە پارێزگاری نوێی دیوانیە عەباس شعەل زاملی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکە محەمەد شخیر فەرهود غانمی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سەرەتای کەبوونەوەکەدا،سودانی پیرۆزبایی لە پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا کرد بە بنەوەی دەستبەکاربوونیان و هەڵبژاردنی حکومەتی خۆجێی و جێختیشی کردەوە لەسەر پێویستی بەردەوامبوون لە بەرنامەیەکی خزمەتگوزاری و ئابووری بە باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە سەنتەری پارێزگا و قەزا وناحیەکانی پێشکەش دەکرێت و لە ئاستی خواستی ڕۆڵەکانی پارێزگاکەدا بێت و لەگەڵ بەرنامەی حکومەت و ئەولەویەتی خزمەتگوزاری و کەمەایەتی و ئابووریدا بگونجێت.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەشکرد دیوانیە یەکەم پارێزگا بوو کە دوای پێکهێنانی حکومەت سەردانی کرد، بەهۆی گرنگییەکەی و پێویستی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ژێرخان و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان تێیدا

و پەیوەستی بە ڕەوشەنی خەرایە کە هاوڵاتیان چاوەڕێی دەکەن.

سودانی پشتیوانی حکومەتی فیدراڵی دووپاتکردەوە بە کارەکانی حکومەتە ناوخەییەکان و دەستە جێبەجێکارەکانیان وەک باڵی هاوتەریبی بە کاری وەزارەتەکان وەسفی کرد و گرنگی تەواوکردنی پرۆژە ستراتیژییەکان و گواستنەوەی خزمەتگوزاری ناوخەیی بە ئەوەی هاوڵاتیان ڕازی بکات و سەقامگیری بەدەستبهێنێت و دەرفەتەکانی پەرەپێدانی ئابووری و کەمکردنەوەی یەتی زیاد بکات.